# شیکاریی وشەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا(کوردیی ناوەڕاست) لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجیی دابەشکەرانەوە

**عومەر ئەحمەد عەزیز**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (شیکاریی وشەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا(کوردیی ناوەڕاست) لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەوە )، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی تیوری مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە لە زمانی کوردیدا، هەروەها توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم میکانیزمە تیورییەکانی مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەی تێدا خراوەتەڕوو، بەشی دووەم بەپێی تیورەکە وشەی کوردیی شیکاریی بۆ کراوە، گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە زمانی کوردیی تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕوی تیورییەوە هەژارە و زۆرینەی ئەو کارانەی لە بواری مۆرفۆلۆجی دا کراون، سەر بە ڕێزمانی کلاسیکیین و لەسەر بنەمای بیردۆزی مۆرفیمن، تیورەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە وشەئاڵۆزەکان/ Complex words هەمان یاسای داڕشتنی فرێزەکانیان هەیە و دەکەونە ئاستی پرۆژەکۆتاکانەوە/ Projection Terminal، لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە، وشە لە یەکگرتنی ڕەگ/Root و سیما ڕێزمانییە ئەبستراکتەکان/ Abstract feature پێکدێت، هەروەها داڕشتنی وشەش لەم تیورەدا بەرهەمی یاسا مۆرفۆلۆجی یەکان نییە، بەڵکو یاساکانی وشە داڕشتن دابەش دەبنە سەر چەند ئاستێك، کە بە کردەی مۆرفۆلۆجی ناودەبرێت، وەکو( یەکگرتن و دابەشبون و لێکدان) ، کە هەمان ئەو کردانە بەرپرسن لە داڕێژراوە سینتاکسییەکانیش، ئامانجی سەرەکی تیورەکە ئەوەیە، کە یەك میکانیزمی تیوری لە زماندا بهێڵێتەوە و جیاوازیی نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکس نەهێڵێت.

**کلیلە ووشەکان -** : مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە، وشەی ئاڵۆز، لێکدان، سیمای ڕێزمانی، پرۆژەکۆتاکان.

## پێشەکی

مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە، تیورێکی زمانییە لە ساڵی 1993 لەلایەن دوو توێژەر بە ناوەکانی (هال مۆریس و ئالێس مارانتز) لە توێژینەوەیەکیاندا بە ناوی (( مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە و بەشێک لە شکانەوە)) خراوەتەڕوو .

ناوەڕۆکی بیرۆکەی تیورەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان پرۆسەی وشەدرووستکردن/Word formation و داڕشتنی سینتاکسیدا/Syntactic Derivation نییە، ڕستە چۆن لە پرۆگرامی کەمینەدا لە ڕێگەی فەرهەنگ و سیستەمێکی کۆمپیوتەریی و هەنگاوەکانی وەکو (لێکدان، جوڵە، هەڵبژاردن، ژمێرکاریی، ڕێککەوتن)وە دادەڕێژرێت و خاوەن دوو فۆڕمی دەنگیی و لۆجیکییە، وشەش بەهەمان پرۆسە دادەڕێژرێت، واتە بەپێی تیوری مۆرفۆلۆجیی دابەشکەرانە مۆرفۆلۆجی بەشێکە لە ڕێزمان و یاسا ڕێزمانییەکان جڵەوی داڕشتنی وشەکان دەکەن.(بڕوانە: مزدك انوشە: 1394 :50) بۆ نمونە پرۆسەی لێکدان /merge لە ڕێزماندا وەکو چۆن بەرپرسە لە لێکدانی دوو ڕەگەز لە داڕێژراوێکدا بەشێوەی دووپەلکی بەهەمانشێوە لێکدان لە مۆرۆفۆلۆجیشدا هەمان کار ئەنجامدەدات، فەرهەنگ چۆن کۆگای وشەکانە و بەشێوەی سیمای [ ∓ ] تێدا هەڵگیراون، کە ئایا وشەکە [∓گیاندارە]، [∓مێیە]،[ ∓ژمێردراوە]، بەڵام فەرهەنگ لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە وەکو کۆگا سەیرناکرێت، بەڵکو ڕەگەکان و ئەفێکسە ڕێزمانییەکان لە لیستی وشەسازیی/Vocabulary Item دا هەن، ڕۆنانی وشەکان دابەش دەبنە سەر چەند ئاستێکی داڕشتندا، کە لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو. (لەم بارەیەوە بڕوانە: Susanna padrosa : 2010:47 ). لە مۆرفۆلۆجیی دابەشکەرانەدا ڕێزمان تاکە ئامێری بەرهەمێهانی وشە و فرێزەکانە، وشەکان بەهەمان ڕێگەی فرێزەکان لە ڕێزماندا ڕۆدەنرێن، ئەم بیرۆکەیە پێچەوانەی ئەو بۆچونانەی پێشتر بوو لەبارەی فەرەنگی ئاوەزییەوە، کە دەوترا وشەکان گەنجکراون بەخۆیان واتاکانییانەوە، هەر لە فەرهەنگیشدا بە داڕێژراوی یان لکێدراوی تۆمارکرابوون و ئامادەبوون و واتا و فۆرمەکانیشیان وەکو زانیاریی لای خاوەن زمان وەکو دەروازەی زانیاریی دەنگیی و واتایی و فەرهەنگیی /Lexical entries لە مێشکدا هەڵگیرابوون، ئەم بۆچونە بە تەواوی ڕەتکرایەوە بەوەی، کە وشەی ئامادە لە فەرهەنگدا بونی نییە، بەڵکو وشەکان لە ڕێزماندا دادەڕێژرێن، لە وشەیەکی وەکو ( جلشۆر، گیاخۆر...تاد) لە خودی فەرهەنگدا بەگەنجکراوی بەشێوەی ئامادە بوونی نییە وەکو فەرهەنگییەکان/Lexicalist بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵکو ئەوانیش بەرهەمی ڕێزمانن و لە ڕێزماندا ڕۆدەنرێن، کە دابەش دەبنە/Distribute سەر چەند ئاستێکی داڕشتن، ئەمەش خاڵی ناکۆکی نێوان ڕێزمانی بەرهەمهێنان و تیوری مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەیە.(بڕوانە: Isah Abdullahi Muhammad: 2019 :45)


مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 2(2025) ؛ عدد الصفحات (7)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n2y2025.pp26-32
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 31 تشرين الأول 2024؛ قُبل في 15 كانون الآول 2024؛ نُشرت في 17 نيسان 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: umer-ahmed@garmian.edu.krd
حقوق الطبع والنشر ©2025 عومەر ئەحمەد عەزیز. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

### فەرهەنگ لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە /DM و MPپرۆگرامی کەمینەدا

هەرچەندە DM هەندێك لە میكانیزمە تیۆرییەكانی لە چوارچێوەی MP دایە، بەڵام جیاوازییەكەیان ئەوەیە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا لە هەموو قۆناغەكانیدا هەمیشە فەرهەنگ كۆگای وشەكان بووە، كە بەپێی قۆناغە جیاوازەكان بەپێی چەند میكانیزمێک یەكە فەرهەنگییەكان لە فەرهەنگی ئاوازییەوە هاتونەتە نێو داڕێژراوەكانەوە، واتە فەرهەنگ سەربەخۆ بووە لە پرۆسەسینتاكسییەكان/Syntactical Process ، بۆ نمونە لەتیوری حوكمكردن وبەستنەوەدا/GB لە ڕێگەی، هەڵبژاردن و پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە-Sub-Categorization / یەكەفەرهەنگییەكان دەهاتنە نێو داڕێژراوەكانەوە، لە پرۆگرامی كەمینەشدا لە ڕێگەی سیستەمی كۆمپیوتەرییەوە/ Computational system ، كە چەند كردەیەكی تێدابوو وەكو (هەڵبژاردن) یەكەیەكی فەرهەنگی هەڵدەبژێردراو لە لێكداندا، لێكدەدران بۆ داڕاشتنی داڕێژراوە سینتاكسییەكان، بەڵام(هاڵ و مارانتز)، بە تەواوی ئەم بیرۆكەیان ڕەتكردەوە و پێیان وابوو، وشەكانیش بەهەمان شێوەی فرێزەكان دادەڕێژرێن، هیچ وشەیەكی ئاڵۆزمان نییە لە فەرهەنگدا گەنجكرابێت، بەڵكو وشەكانیش پێڕەوی هەمان شێوازی ڕۆنانی فرێزەكان دەكەن، لەڕێگەی لێكدان و جوڵە و ڕێككەوتنەوە دەبنە داڕێژراوێكی ڕێزمانیی. (بڕوانە: 7 : daniel sidiqi: 2009)

### هەنگاوەکانی داڕشتنی وشە لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا/DM

لە مۆرفۆلۆجی كلاسیكییدا/Traditional دەوترا مۆرفۆلۆجی زانستی لێكۆڵینەوەیە لە فۆرمی ناوەوەی وشەكان، پرۆسەكانی وشەسازیش دابەش دەكرایە سەر وشەشكاندنەوە و وشەدروستكردن، كە ئەمیش دابەش دەبووە سەر لێكدان و داڕشتن:




هەروەە دەوترا لێكدان بریتییە لە لێكدانی دوو وشە(مۆرفیمی ئازاد)ی سەربەخۆی واتادار.( بڕوانە: Mahya Ahmadi1& Mazdak Anoushe: 3 : 1398 و ئەو سەرچاوانەی لەوی دراون وەكو كاتامبا:2005 :55) ، بەڵام لە مۆرفۆلۆجیی دابەشەكەرانە پێكهاتەی ناوەوەی وشەكان جیگیر نین، بەڵكو لە كۆمەڵێک سیمای ڕێزمانی پێكهاتوون، كە ئەبستراكتن لە ئاوەزی قسەكەری زمانەكەدان، ئەم سیمایانە وشە دروستدەكەن، نەک تایبەتمەندییە فۆنەتیكیەكانی وشە، واتە وشە پێش ئەوەی دركاوێك/ Spell out بێت، كۆمەڵێک سیمای ئەبستراكتە، سیمارێزمانییەكانی وەكو (ڕەگەز، ژمارە، ئەسپێكت، دۆخ، تاف... تاد) لەگەڵ ڕەگەكاندا پێكەوە دێن و وشەی ئاڵۆز دروست دەكەن.

ئەم ڕێبازە پێی وایە هەندێ پرۆسەی وشەدروستكردن هەن، تەنها بۆ وشەكان نین بەڵكو فرێز و ڕستەش بە هەمان پرۆسە دادەڕێژرێن، بەم پێیە بێت مۆرفۆلۆجی مۆدێلێكی سەربەخۆ نییە، بەڵكو لەنێو پرۆسەسینتاكسییەكاندایە، یەكەزمانییەكان كۆمەڵێک پێكهاتەن لەشێوەی سیمای ڕێزمانیی، پێكەوە دێن و كەرەستەی زمانیی دروستدەكەن، كەرەستەزمانییەكان بەرهەمی یەكگرتنی ئەو سیما ئەبستراكتە ڕێزمانییانەن.( بڕوانە:شجاع تفكری و علی رضا سلیمانی: 1397 :165)

وشەدروستكردن لە مۆرفۆلۆجی دابەشكەرانەدا لە زنجیرەیەک پرۆسە پێكدێت، كە دابەش دەبنە سەر چەند ئاستێكی زمانیی، كە ئەوانیش بریتین لە نواندنە دەنگیی و سینتاكسیی و واتاییەكان، واتە هەموو پێكهاتەیەک ئەو چەند دیوەی هەیە.

لە مۆرفۆلۆجی دابەشكەرانەدا سێ پێكهاتەی گرنگ هەن، كە ئەوانیش بریتین لە ڕەگ/root ، یەكەی وشەسازیی/ item vocabulary، و پرۆژە ئەركییەكان/ projection functional

ڕەگ بریتییە لە بچوكترین یەكەی مۆرفۆلۆجی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا و هەڵگری واتایە و پێكەوە لێكدەدرێ لەگەڵ سیمارێزمانییەكانی تر بۆ داڕشتنی وشەی ئاڵۆز، ڕەگ/ root بریتییە لەو بەشەی وشە، كە دەبێتە بنەما بۆ هەموو ئەو وشانەی تر، كە لەڕێگەی گیرەكاندنەوە/Affixation چەندین وشەی نوێی لێدروست دەكرێت بۆ نمونە وشەی ( خەو) دەبێتە بنەمای دوستبوونی (خەوتن و خەواندن، خەواڵوو، خەون،... تاد) یەكەی وشەسازی بریتییە/vocabulary Item لە بەرجەستەبوونی فۆنۆلۆژییانەی ئایتمە فەرهەنگییەكانە بۆ فۆرمی دەنگیی، پیشاندانی ئایتمە فەرهەنگییەكانە بۆئەوەی ببن بە دانەیەكی بیستراوی فۆنۆلۆژیی، پاشان ڕۆشتن بۆ نێو داڕێژراوە سینتاكسییەكان.(بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕەگ لە مۆرۆفۆلۆژی دابەشكەرانەدا بڕوانە:2020:8 :David Embick )

لە ڕوانگەی ڕێزمانی مۆرفۆلۆجی دابەشكەرانە زمان بریتییە لە كۆمەڵێک سیمای ڕێزمانیی، دەستە سیما/ Bundles of feature، داڕشتنی وشەكانیش دابەش دەبنە سەر چەند هەنگاوێكی ڕێزمانیی واتە لە فەرهەنگدا هیچ وشەیەكی ئاڵۆز نییە، بەڵكو ئێمە كۆمەڵێک ڕەگمان هەیە، ڕەگەكان لەگەڵ سیمایەكی ڕێزمانی ئەبستراكتدا لێكدەدرێن، كە ئەو سیمایە پۆلەڕەگەزدیاركەرە/categorizer پێمان دەڵێت ئەم وشەیە ناوە، یان كردار و ئاوەڵناوە.


### مۆدێلی ڕێزمان لە مۆرفۆلۆجی دابەشەكەرانەدا:

گرنگترین ئەو بابەتانەی مۆرفۆفۆلۆژی دابەشكەرانە لێی دەكۆڵێتەوە بریتین لە مۆرفۆلۆجی / شكانەوەinflectional وشەدروستكردن/word-formation، تێكچرژان و پێكداچونی/interactive مۆرفۆلۆجی ی و سینتاكس، هەروەها چوارچێوەییەكی تیورییە بۆ لێكۆڵینەوە لە دروستەی ناوەوەی وشە و سیما مۆرفۆلۆجی یەكانی وشە لەگەڵ دروستەی سینتاكسیی وشە و بەرجەستەبوونی وشەكان لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا.

هەر تیورێك لە بواری ڕێزماندا دەخرێتەڕوو پێویستی بە كۆمەڵێك میكانیزم هەیە، كە ببنە چوارچێوەیەكی گشتی بۆ تیورەكە، ئەم میكانیزمە تیوریانە زۆرجار بەپێی هێڵكاریی نەخشە دەخرێنەڕوو و تەنانەت هەندێك جار مۆدێلەكە هەر بەو نەخشەیەوە ناو دەنرێت، كە یارمەتیدەرە بۆ تێگەشتن لە تیورەكە وەك چۆن ئەوترێت Y model ،T model، لەم ڕوانگەیەشەوە نەخشەی مۆرفۆلۆجی دابەشكەرانە بەپێی بۆچونی (Roland 2009) دەخەینەڕوو بۆ

**ڕونبونەوەی چۆنێتی کارکردنی تیورەکە:**

(6)





لەم نەخشەیەدا، کە ( ڕۆڵاند2009) خستویەتییەڕوو مۆدێلی ڕێزمانی مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە لە سێ پێڕستی گرنگ پێکدێن، پێڕستی یەکەم بریتییە لە سیستەمی کۆمپیوتەریی لە مێشکدا، کە کردەسینتاکسییەکانی وەکو ( لێکدان، جوڵە، ڕێککەوتن) ی تێدایە، لە هەموو زمانەکانی جیهاندا یەک شتن، واتە بەشێکن لە ڕێزمانی سەراپا، (دیارە ئەم میکانیزمە تیورییە هەمان میکانیزمی چۆمسکییە کە لە پرۆگرامی کەمینەدا خستویەتییەڕوو بڕوانە: گلارە نظری& جلال رحیمیان&محمرزاد منصوریچکی :1399: 21 )، پێڕستی دووەم لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا بریتییە لە دیوی دەنگیی یەکەفەرهەنگییەکان، کە پاش ئەوەی یەکەیەک لە فەرهەنگەوە دێتە نێو داڕشتنەوە و یاسا مۆرفۆلۆجی یەکانی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، دەنێردرێت بۆ درکاندن، پاش ئەوە دەبێتە خاوەن فۆرمی دەنگیی، کەواتە هەموو وشەکان خاوەن فۆرمی دەنگین، کە ئەمەش دیوێکی گرنگی تیورەکەیە، پێڕستی سێیەم بریتییە لە واتا و واتالێکدانەوە، کە سیمانتیکی وشەکان لەم پێڕستەدا لێکدەدرێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا یەکەیەک لە سینتاکسدا دادەڕێژرێت، پاش ئەوەی کردەکانی بەسەردا جێبەجێ بوو، پاشان کە بوو بە داڕێژراوێکی سینتاکسی دەبێتە خاوەن واتا، کە لەم پێڕستەدا لێکدەدرێتەوە.

ئەوەی ماوەتەوە بریتییە لە کردەمۆرفۆلۆجی یەکان، دیارە ئەم کردانە بەرپرسن لە داڕشتنی وشەکان بۆئەوەی وشەیەکی ئاڵۆزمان دەستبکەوێت ئەو کردانەش بریتین لە جێگیرکردنی وشەسازیی/vocabulary insertion ، بەهەمانشێوەی کردە سینتاکسیەکان لێکدان لێرەشدا ڕۆڵی گرنگی هەیە.

لە ڕوانگەی ئەم تیورەوە یەکەزمانییەکان بە وشە ئاڵۆز و فرێز و ڕستەکانیشەوە لە ڕێگەی هەندێک میکانیزمی تیوریی، کە لایەنی تەکنیکی تیورەکە پێکدەهێنن دادەڕێژرێن، هەروەها گرنگترین کردەکانی نێو مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە پێکدێن، هەندێکیان لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکییەوە وەرگیراون بەتایبەت لە پرۆگرامی کەمینە وەکو کردەی لێکدان و جوڵە...تاد

( بڕوانە: roland pfau: 2009 : 65)

**دەتوانین کۆی نەخشەی مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە بەمجۆرە بخەینەڕوو**




لەم نەخشەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە چۆن کاردەکات، سیما مۆرفۆسینتاکسییەکان کە بریتین لە ( دۆخ، کەس، ژمارە، ڕێککەوتن، ڕەگەز، تاکێتیی و کۆیی، ناساندن و نەناساندن...تاد) دەچنە نێو کردە سینتاکسییکانی وەکو لێکدان و کۆپی و جوڵەوە، دواتر دەبنە خاوەن فۆرمی لۆجیکیی، لە فۆرمی لۆجیکیدا دیوی و چەمکیی و واتایی وشەکان لێکدەدرێتەوە، کە زانیارییەکان لە لیستی ئینسایکلۆپیدیاوە وەردەگرێت، واتە ناوچەی مەبەستدار بریتییە لە خاڵی بەیەکگەشتنی فۆرمی لۆجیکیی و زانیاریی نازمانی وشەکان، کردە مۆرفۆلۆجی یەکان، کە بریتین لە لێکدان، گیرەکاندن، جیگێرکردنی یەکە وشەسازییەکان لە فەرەنگەوە( کە ڕەگ دەگرێتەوە)، هەروەها لەم تیورەدا یاسا فۆنۆلۆجییەکان بەرهەمی کردە مۆرفۆلۆجی یەکانن، چونکە لەکاتی پرۆسەی گیرەکاندن/Affixation خستنەپاڵییەکی ڕەگەکان دەنگ هەیە لەناودەچێت و دەنگ زیاد دەبێت، بۆیە یاسا فۆنۆلۆژیەیکان لەنێو کردە مۆرفۆلۆجی ەکان دانراون، هەروەها کۆتا لیست بریتیە لە لیستی ئینسایکلۆپیدیا، ئەم لیستە زانیاریی نازمانیی تێدایە، مرۆڤ لە جیهانی ڕاستییەوە وەریدەگرێت لەبارەی شتەکانەوە، دیارە شتەکان لەڕێگەی وشەکانەوە بەرجەستە دەبن لە زماندا.

کەواتە سەرەتا لە لیستی یەکەمدا سیمای مۆرفۆسینتاکسی وەکو (کەس،ژمارە،دۆخ، ناساندن و نەناسراویی، ڕابردوو ...تاد) هەیە، سیماکان دێنە نێو کردەی سینتاکسی وەکو( لێکدان و جوڵە)، پاشان لە ڕێگەی کردە مۆرفۆلۆجی یەکانی وەکو جیگیرکردنی دواخراو و یاسافۆنۆلۆژییەکان لەگەڵ یەکەی وشەسازیدا یەکدەگرن و دەبنە خاوەن فۆرمی دەنگیی و واتایی، چونکە فۆرمی دەنگیی و واتایی هەردوکیان پەیوەستن بە ناوچەی هاوبەشی چەمکیی مەبەستدار.

(بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو).

## گرنگترین کردەکانی نێو مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە ئەمانەن:

### جێگیرکردنی مۆرفۆلۆجی/ vocabulary insertion

یەکەی وشەسازیی لە تیورەکەدا واتای بەرجەستەکردنی وشەکانی نێو فەرهەنگ لەنێو داڕێژراوێکی سینتاکسیدا دێت، چونکە سیما ڕێزمانییەکانی مۆرفیم بەشێوەی ئەبستراکت هەن لە فەرهەنگدا، لەڕێگەی جێگیرکردنی وشەسازییەوە بەرجەستەدەکرێن، لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ئەو مۆرفیمانە. (roland pfau: 2009 : 76)

درکاندن/Spell out میکانیزمێکی تیورییە لە پرۆگرامی کەمینەوە وەرگیراوە، کە تێیدا یەکە سینتاکسییەکان دەکرێن بە دەنگ، درکاندن واتە گواستنەوەی یەکەی سینتاکسییەکان لە دانەیەکی هۆشەکیی نێو فەرهەنگەوە بۆ دانەیەکی فۆنۆلۆژیی واتە دەرکردەی /out put ی هەنگاوی درکاندن بریتییە لە گواستنەوەی یەکە سینتاکسیەکان بۆ فۆرمی فۆنەتیکی، کە لە ڕێگەی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانێکی دیاریکراوەوە سنوردار دەکرێت.

لێکدان/merge ئەم هەنگاوەش لە پرۆگرامی کەمینەوە وەرگیراوە، لەم هەنگاوەدا دوو کەرەستە لێکدەدرێن بۆ دروستکردنی دانەیەکی گەورەتر، بۆ نمونە لێکدانی ڕەگ لەگەڵ ئەفێکسەکاندا بۆ دروستکردنی وشەی داڕێژراو، دیارە سینتاکسیش پێڕەوی هەمان شێوازی داڕشتن دەکات بەو پێیەی لە سینتاکسیشدا فرێزەکان لە ئەنجامی پەیوەندییەکی دوو پەلکییەوە لێکدراون لە نواندنی درەختیی فرێزەکاندا بەپێی هەنگاوی دوانیی یەکەکان لێکدەدرێن.( بۆ ئەم بنەمایانە بڕوانە: غلامحسین کریمی دوستان&مهدیه اسحاق: 1398: 157-184)

**پاساودانی سیماکان/feature checking** لەم هەنگاوەدا داڕێژراوە سینتاکسییەکان دەکەونە پەیوەندییەوە لەگەڵ ئەو کەرەستانەی، کە هەمان سیمایان تێدایە، وەکو بوونی سیمای (ڕێککەوتن و تاف و ڕەگەز، ژمارە،...تاد ) پاساودان دڵنیایی دەدات لەوەی داڕێژراوەکە ڕێزمانییە و سیما هاوبەشەکان بەیەکگەشتوون لە ڕێگەی پەیوەندی پاساودانەوە/Checking relation بە پێچەوانەوە داڕێژراوێکی ڕێزمانیان دەستناکەوێت.

**جوڵە/move** بریتییە لە جوڵانی ڕەگەزێک لە شوێنی بەرهەمهێنانی خۆیەوە بۆ شوێنێکی بەرزتر بەمەبەستی پاراستنی ڕێزبوونی زمانێک، یان پاساودان، کە وەکو داواکارییەکی سینتاکسیی ڕەگەزێک لە شوێنی خۆیەوە دەجوڵێت.

**ڕێککەوتن/Agreement** بریتییە لە پەیوەندیی نێوان پشکنەر/Probe و ئامانج/Goalپشکنەر زۆرجار ئەبستراکتە و ئامانج بەرجەستەیە، پشکنەر پاساودەرە، ئامانجەکەی پاساودەدەت، کاتێک پاساوی دا ڕێککەوتنەکە دروست بووە و داڕێژراوەکە بووە بەداڕێژراوێکی ڕێزمانیی، ڕێککەوتن لە بنەڕەتدا بریتییە لە ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کردار، یان ناو و ئاوەڵناو، ناو و ژمارە، بەڵام ڕێککەوتن لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا بریتییە لە ڕێککەوتنی سەر و تەواوکەر لە ڕوانگەی کەس، ژمارە، ڕەگەز، دۆخ...تاد.( بۆ ئەم سێ بەمایە بڕوانە: عومەر ئەحمەد:2023 ( 135-130:

**جێگیرکردنی دواخراو/ late insertion** بنەمایەکی نێو تیوری مۆرفۆلۆی دابەشکەرانەیە، کە بنەماکە دەڵێت پێویستە، جێگیکردنی مۆرفۆلۆجی یانە( کە بریتییە لە جێگیرکردنی وشەیەک لە داڕێژراوی سینتاکسیی) تا دەکرێت درەنگ ڕووبدات، لەبەرئەوەی بەرجەستەکردنی مۆرفۆلۆجی یانەی سیما ئەبستراکتەکانی نێو فەرهەنگی ئاوەزیی، کە خۆیان لە چەند سیمایەکی ڕێزمانی دەبیننەوە وەکو [person±][male±] [case±] [singular±] [Present±] لەڕێگەی پرۆژە کۆتاییەکانەوە /terminal دەنوێنرێن، دواخستنەکە بۆئەوەیە گونجاندنی فۆنۆلۆژییانە ڕووبدات بەسەر ئەو جێگیرکردنە، بەجۆرێک وشەکان شیاوی هەر گۆڕانێک بن پێش ئەوەی بەتەواوی جێگیر بکرێن لە لایەن یەکەیەکی وشەسازییەوە کە وەکو لیستێك لە وشەسازیی تۆمارکراون، واتە ڕەگەزەکانی نێو لیستی وشەسازیی بەرجەستەکردنی فۆنۆلۆژییانەی سیما ئەبستراکتە سینتاکسییەکانن.( بڕوانە: Dniel ( siddiqi:2009:8

**بلۆککردن/blocking** ئاماژەیە بۆ دیاردەیەک، کە پرۆسەیەکی دیاریکراوی مۆرفۆلۆجی لە وشەدروستکردندا بلۆکدەکرێت لە ڕێگەی پرۆسەیەکی تری مۆرفۆلۆجی یەوە، واتە دەبێت یەکێکیان جێبەجێ ببن لەوکاتەدا، بلۆککردن بەجۆرێکە لە هەرەمی یاسا مۆرفۆلۆجی یەکان ئەو یاسایانەی پلەیان لەسەروی هەرەمەکەوەیە، بلۆکی ئەو یاسایانە دەکەن، کە لە خوارەوەی هەرەمەکەن.

### کردەی مۆرفۆلۆجی انە/ morphological operation

لە مۆرفۆلۆجی تەواوکەرانەدا بە هەمان شێوەی مۆرفۆلۆجی کلاسیکیی چەند کردەیەکی مۆرفۆلۆجی هەن، بەرپرسن لە داڕشتن بەشێوەیەکی گشتیی و وشەئاڵۆزەکانیش پێڕەوی هەمان یاسا دەکەن لەوانە:

**گیرەکاندن/affixation** بریتییە لە لکاندنی گیرەکێك بە ڕەگێکەوە.

**لێکدان/ compounding** بریتییە لە پێکەوەبەستنی دوو ڕەگ یان زیاتر بۆ دروستکردنی وشەیەکی ئاڵۆز.

**دووبارەکردنەوە/reduplication** بریتییە لە دووبارەکردنەوە مۆرفیمێک، بەجۆرێك هەموو بەشی مۆرفیمەکە، یان بەشێکی ئەو مۆرفیمە لە دروستکردنی وشەیەکی نوێدا دووبارەدەکرێتەوە.

**تەواوکردن/suppletion جێگیرکردن، یان لەبریدانانی/ replacement** مۆرفیمێک لەبری مۆرفیمێکی تر، کە لەڕوی فۆرمەوە جیاواز بن، وەکو (چوون و ڕۆشتن)، یان ڕەگی فرمانەکان، کە شازن لە ئینگیلیزیدا وەکو was ، کە فۆرمی ڕابردووی to be یە ، یانwent کە ڕابردوی go ە.

(بۆ کردەکانی نێو مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانە بڕوانە: 23 : daniel sidiqi: 2009)

### مۆرفۆلۆجیی فۆنۆلۆژییانە/ Morphology phonological

ئەم کردەیە پەسنی تێکچڕژان و کارلێکی نێوان یاسا مۆرفۆلۆجی یەکان دەکات لە کاتی خستنەپاڵیەکی مۆرفیمەکان، کە گۆڕانکاری فۆنۆلۆژییانە ڕوودەدەن، یان بریتییە لە کاریگەریی یاسا مۆرفۆلۆجی یەکان لەسەر یاسا فۆنۆلۆژییەکان، وەکو گونجانی ڤاوڵەکان، توانەوە کۆنسونانتەکان، گۆڕانی یاساکانی بڕگەی زمانێک، ئەم گۆڕانانەش کاتێک ڕوودەدەن، کە وشەکان بنێردرێن بۆ بەشی درکاندن، کە بریتییە لە کۆتا قۆناغی فۆنەتیکیی وشەکان.(ئەم بیرۆکەیە موێ نییە و لەکارەکانی کیپارسکی خراوتەڕوو بڕوانە::Spencer: Andrew 1051997 و لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا ئەم بیرۆکەیە پشتگیری کرا( بڕوانە: Ora Matushansky and ,((Alec Marantz (2013

**یەکەی وشەسازیی/vocabulary item** زیاتر ڕەگەکانن، کە لەم بەشەدا بەخۆیان و زانیارییەکانیانەوە هەڵگیراون، واتە ڕەگەکان لە پێڕستی وشەسازیدا زانیارییە ڕێزمانییەکانیان تێدا ئینکۆدکراوە، بۆ نمونە وشەیەکی وەکو، (سەگ) لەو خشتەیەدا،

ڕونکراوەتەوە کە گیاندارە، کەسی سێیەمە، ژمێردراوە، هەروەها کردارەکان، بە زانیارییەکانیانەوە هەڵگیراون کە ئایا ڕابردوون، یان ڕانەبردوون، گیرەکەکان، دیاریکراون کە هی کۆن، یان هی تاکێتین، ...تاد،

**بانکی زانیاری/encyclopaedia** ئەوەی لە مۆدێلی مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا دەمێنێتەوە بریتیە لە پێرستی بانکی زانیارییەکان/encyclopaedia لەم پێرستەدا هەموو ئەو زانیارییانەی، کە ڕێزمانیی نین، واتە زمانەوانیی نین/-Non linguistics knowledge تۆمار کراون، واتە ئەو زانیارییانە، کە لەڕێگەی ئەزموونەوە مرۆڤ وەریاندەگرێت، ئەم زانیارییانە زانیاریی دەرەوەی زمانیان پێ دەوترێت، بۆ نمونە هەر کە وتمان سەگ، وێنەی ئاژەڵ، چوارپێ، سەگی ماڵیی و سەگی دەشتەکیی( سەگی وێڵ ) لیکی دەمی، سەگی هار، وەڕاندن، گازگرتن و پاسەوانیی...تاد بە مێشکماندا دێن، هەموو وشەیەک ئەم زانیارییانەی لەگەڵدایە، کە لە پێرستی ئینسایکلۆپیدیای وشەکاندا هەڵگیراون. (بنەمای بانکی زانیاریی و یەکەی وشەسازیی لە نەخشەکەی ڕۆڵاندا ئاماژەی پێدراوە)

**ناتایبەتمەند/ Underspecification**

زاراوەکە لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا بەکاردەهێنرێت بۆ هەر یەکەیەکی وشەسازیی، کە بۆ زیاد لە ژینگەیەکی سینتاکسی بشێت، واتە سیمای ئەو یەکە مۆرفۆلۆجی یە/ VI ناتایبەتمەندە، بە پێچەوانەوە تایبەتمەند/SPECIFY نییە بۆ یەك داڕێژراو، لە زمانی کوردیدا جێناوی سەربەخۆی (ئەو) لەڕوی ڕەگەزەوە خوارتایبەتمەندییە. لە دەوروبەری زمانیدا هەموو یەکە وشەسازییەکان تایبەتمەند دەبن، بەڵام لە نێو لیستی وشەسازیدا هیچ یەکەیەکی وشەسازیی ناتایبەتمەند نییە، ئەو تایبەتمەندییانە لە شێوەی چەند سیمایەك دیاریدەکرێن.

ئەم چەمکە زمانییە ئاماژەیە بۆ ئەو ئایتمە فەرهەنگییانەی، کە تایبەت نین بە دۆخێکی زمانیی دیاریکراوەوە، بۆ نمونە فۆنیمی /ە/ دەنگدارە و کورتە، بەڵام لە ئەدەبیاتدا هەندێکجار لە کۆتایی بڕگەدا وەکو بزوێنێکی درێژ گۆدەکرێت، بۆیە ناتایبەتمەندە، کلیتیکی /ن/ ناتایبەتمەندە بەتایبەت ئەگەر بکەری ڕستەکە کەرەستەی بەتاڵ/null بێت، چونکە ئاماژەیە بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ :

هاتن

ئێوە هاتن

ئەوان هاتن؟

لە مۆرفۆلۆجیی دابەشکەرانەدا زمان لە کۆمەڵێك سیمای ئەبستراکت پێکدێت، وشە و فرێز و ڕستەکان بەرهەمی ئەو سیما ئەبستراکتانەن، لەم ڕوانگەیەشەوە سیماکان لە مێشکی ئاخێوەردا دیاریکراون بۆ نمونە کلیتیکی /ن/ بەمجۆرە سیماکانی لێکدەدرێتەوە:

[ past+ 2d pl ]     [ past+ 3d pl ]

(لەم بارەیەوە بڕوانە: اهو الوند& زینب محمد ابراهیمی& جمرمی استادیار:1401: 201-181)

**یەکگرتن /Fusion** ئاماژەیە بۆ یەکگرتنی دوو نۆد لە درەختی ڕستەسازیدا بۆئەوەی نۆدێکی نوێ دابڕێژن، جا لە ئەنجامی کردەی لێکدانەوە بێت، یان لەڕێگەی کردەی جوڵەوە بێت، کاتێک سیمایەک یان فرێزێک دەجوڵێت و بەرزدەبێتەوە بۆ شوێنێک لەگەڵ سیما و فرێزێکی تر لە شوێنە نوێیەکەدا نۆدێکی نوێ دادەڕێژرێت

**دابەشبون/ Fission** ئاماژەیە بۆ شەقبون/split، کە نۆدێک لە درەختی نواندنی سینتاکسیدا دابەشدەبێت بۆ پەلکی جیاواز، بۆ نمونە لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا هەموو پرۆژەکۆتاکان، کە ڕەگێک پێکدەهێنن دابەش دەبن بۆ ڕەگێک و سەرێکی ئەبستراکتی سینتاکسی، کە زۆرجار پۆلەڕەگەزی ڕەگەکە دیاریدەکات، لە شێوەی [n, v, ,adj, adv] یان سیمایەکی ئەبستراکتی سینتاکسیی لە شێوەی کەرەستەی بەتاڵدایە.( بنەمای یەکگرتن و دابەشبوون پێچەوانەی یەکترن و یەکتر تەواودەکەن، بڕوانە: غلامحسین کریمی دوستان&محدیه اسحاقی: 1398: 157-184)

## بەشی دووەم

## شیکاریی وشە لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجیی دابەشکەرانەوە:

لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا وشەئاڵۆزەکان لە ڕێگەی چەند تەکنیکێکەوە شیکاریی دەکرێن لەوانە:

نواندنی سینتاکسیی: لەڕێگەی هێلکاریی درەختییەوە دەنوێنرێن هەر پرۆژەیەکی ڕێککەوتن، تاف، نەرێکردن، بکەرنادیارییان تێدا بێت لە هێلکارییەکە ئاماژەی بۆ دەکرێت.

لە ئاستی پرۆژەکۆتاکاندا وشەئاڵۆزەکان دەستنیشاندەکرێن، کە بە بەرهەمی پرۆسە سینتاکسییەکان دادەنرێن.

جیاکردنەوەی ڕەگ و گیرەکەکان: لەم ئاستەدا ڕەگەکان جیادەکرێنەوە، کە هەڵگری واتای سەرەکی و تەوەریی وشەکانن، هێمای( √ )بۆ ڕەگ دانراوە، ڕەگەکان بە سەری وشەکان دادەنرێن، چونکە وەکو وتمان هەڵگری ناوەڕۆکی سەرەکی وشەکەن.

دیاریکردنی واتای ڕەگ و گیرەکەکان: لەم ڕێگەیەوە واتای گیرەکەکان و ڕەگەکان لێکدەدرێنەوە بۆ ڕونبونەوەی واتای وشەکان. لەبەرئەوەی ئەم تیورە جیاوازی لەنێوان پرۆسە سینتاکسیەکان و مۆرفۆلۆجییەکان ناکات و پێی وایە پرۆسەسینتاکسییەکان بەرپرسن لە کردەمۆرفۆلۆجی یەکانیش، لەسەرئەم بنەمایە، لە ڕستەدا وشەئاڵۆزەکان دادەڕێژرێن، لێرەدا بیرۆکەی تیورەکە تاقیدەکەینەوە بەسەر وشەی کوردیدا:


لە ڕێزمانی تەقلیدیدا ناوی بکەریی و ناوی بەرکاریی هەبوون، یەکەمیان هەڵگری سیمای بکەریی بوو، چونکە کاریان ئەنجام دەدا، دووەمیشیان کاریان بەسەردا جێبەجێدەکرا با بڕوانینە (1):

خولێک کراوەتەوە لەسەر ڕێگای پرۆگرامکراو.

ڕێگای پرۆگرامنەکراو!

دەستشکاو، قاچبڕاو، بژارکراو، ئەبێ بکەرەکەشی هەبێ وەکو قاچبڕەر، بژارکەر، کۆمەڵەگۆڕەر، هەڵگواستن، هەڵگوێزەر، هەڵگوێزراو، هەروەها دەبێت ناوی پرۆسەشیان لێدروستبکرێت، وەکو بەهەڵگوێزەربون؟ لەهەڵگوێزەرکەوتن؟

ڕستەکەی سەرەوە و وشە هاوشێوەکانیش کە لە نمونەکاندا هاتوون بەرهەمی گرێی ڕێککەوتن و تافە، پاشان لە ئاستی گرێ تێرمینالەکاندا پرۆژەی VP هەیە، لەم ئاستەدا وشە ئاڵۆزەکان دادەڕێژرێن لەڕێگەی کردە سینتاکسییەکانی وەکو لێکدانەوە و لەڕێگەی نواندنێکی سینتاکسییەوە دەنوێنرێن، واتە، ئەو وشانە لە ئاستی گرێ کۆتاکاندایەTerminal /، کە لەڕەگێک و گیرەکەکان پێکدێت، ئەگەر نەرێ بکرێن گیرەکی نەرێکردنیان دەچێتە سەر، بەمجورە نواندن بۆ یەکێك لەو وشانە دەکەین:




هەروەها بڕوانە (2):

هاوکێشەکە لە دوو کۆمەڵەی گۆڕاو پێکدێت.

کۆمەڵەی گۆڕاو، کۆمەڵەی نەگۆڕاویش دەبێت هەبێت.


،هەروەها ئاوەڵناوەکراو و کردووەکان، کە ناوی بکەر و بەرکارییان پێدەوترا، سیمای بکەرنادیاریشیان تێدایە، بۆیە لە کاتی نواندنی وشەئاڵۆزەکاندا پێوستە گرێی بکەرنادیاریش وەکو نۆدێک لە درەختەکەدا هەبێت:

نانەکە خورا( خوراو) نازانرێ کێ خواردویەتی

قاچی کورسییەکا شکێنرا. (شکێنراو)

بەمجۆرە شێکنرا بەرهەمی گیرەکی بکەرنادیارییە لەگەڵ ڕەگدا، واتە لەڕێگەی گیرەکاندنەوە داڕێژراوە.

ئەوەی گرنگە لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا ئەوەیە جگە لە دیاریکردنی هەنگاوەکانی وشەداڕشتن، ئەم تیورە مەبەستێتی واتای گیرەکەکان و ڕەگەکان دیارییکات دوای پرۆسەی گیرەکاندن، لەو وشەیەدا هەرچەندە ڕەگەکەمان کردارە و مۆرفیمی بکەرنادیاریش ئەفێکسێکی تایبەت بەکردارە و بەشێکە لە مۆرفۆسینتاکسی کردار و بەهەمان شێوەش ئەفێکسی /ا/ ڕابردویش هەر بەشێکە لە مۆرفۆسینتاکسی کردار بەڵام دواتر ئاوەڵناوێکیان داڕشتووە، بەمجۆرە:




ئەو لە کاتی تورەیدا خۆی کۆنترۆڵدەکات.

خۆکۆنترۆڵکردن، خۆکۆنترۆڵنەکردن، ئەم یاسایە دەکرێت بەبەرهەم بێت بەمجۆرە:

خۆڕەحەتکردن، خۆکوشتن، خۆناڕەحەتکردن، خۆبێزارکردن، خۆبەڕێوەبردن،...تاد

کەواتە وشەئاڵۆزەکان لە سینتاکسدا دادەڕێژرێن و پێڕەوی هەمان یاسای لێکدان دەکەن، کە ڕەگەزەکان لەیەکدەدات بۆ داڕشتنی فرێزەکان لەو ڕستەیەدا ئەگەر کۆنترۆڵمان هەبوبێت، دواتر کۆنترۆڵکردنمان داڕشتووە، پاشان خۆکۆنترۆڵکردن، کە لە نواندنەکاندا دەکەونە ئاستی پرۆژە کۆتاکانەوە/Terminal Projection

ئەکتەرەکە زۆر جوان ڕۆڵەکەی گێرا.( ڕۆڵگێران)

دەرهێنەرەکە ڕۆڵێکی باشی دا بە ئەو. ( ڕۆڵپێدان)

ڕۆڵدەگێرێت، ڕۆڵبینین، ڕۆڵپێدان، ڕۆڵگێڕان، ڕۆڵلێوەرگرتنەوە.

بڕیاردان، بڕیارلێدەر، بڕیارلێدراو، کەواتە بڕیارلێدان مان هەیە؟

تێبینی//

بلۆککردن: بەهۆی بوونی وشەی بڕیاردەرەوە، بڕیارلێدەر، کە ئاوەڵناوی کردوی بڕیارلێدراوە، وشەکە بلۆکدەکرێت، چونکە پێویست نییە بۆ زمانەکە، واتە داڕشتنی یەکەم لەسەروی دووەمەوەیە بۆیە دووەم بلۆکدەکات.

لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا کەرتکردنی مرۆفیمەکان بۆ ڕەگ و گیرەکەکان و لکێدانەوەی واتاکانیان گرنگە و بۆئەوەیە واتای وشەئاڵۆزەکانمان بۆ ڕونببێتەوە با بڕوانینە ئەم نمونانە:

ئەو چێژی لە فیلمەکە وەرگرت.( بینی)

فیلمەکە چێژی زۆری لێبینرا لەلایەن ئامادەبوانەوە.

کەواتە فیلمەکە چێژلێبینراوە، خەڵکەکە چێژلێوەرگرن...تاد بەمجۆرە:

چێژوەرگرتن، چێژوەرگر، چێژلێوەرگیراو، چێژلێوەرگر، چێژپێدان، چێژپێنەدان، چێژپێدراو چێژپێنەدراو...تاد

ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە بۆ ئەم وشانەش ڕاستە:

فیلمەکە دوبارەدەکرێتەوە. ( کرداری دوبارەکردنەوە)

فیلمەکە دوبارەبوەوەیە، یان دوبارەکراوەیە، ئەبێ نەرێش بکرێن واتە: دوبارەنەبووەوە...تاد

دوبارەکردنەوە، دوبارەنەکردنەوە، دوبارەکەرەوە، دوبارەکراوە، دوبارەبونەوە، دوبارەنەبوەوە، دوبارەبوەوە...تاد

دوو کردەی تر هەن لە ڕستەدا دەردەکەون، کە چەند بەبەرهەمن و پێویستن بۆ ئاستی زاراوەسازیی لەبواری زانستە جۆراوجۆرەکاند، ئەم دوو کردەیەش ناوی پرۆسە، یان ئەو ناوانەی کە کردە و ئەنجام دەگەیەنن، بۆ نمونە:

وشەکان لە مێکشدا دەبن بە چەمک.( بوونبەچەمک)، کە دەبێتە بەچەمکبوون.

وشەکان لەڕێگەی کردەیەکەوە دەکرێن بە چەمک.(بەچەمککردن)

وشەکان لە ڕستەدا پێڕەوی سەرکۆتایی کردارییان نەکردووە، دوای ئەوەی دەبن بە وشە سەر و ڕیزبوونی بەشەکانی وشەئاڵۆزەکە دەبێتەوە بە سەرکۆتایی/ Head Final و تایبەتمەندی سینتاکسی زمانی کوردیی دەپارێزێت.

(بوون و کردن)، یەکەمیان خۆی دەبێت و دەسەڵاتی کەسی بەسەردا نییە، دووەمیان بە بەرنامە بۆدرێژراوی پرۆسەکە ئەنجامدەدرێت، واتە بوون بەشێکە لە سروشتی شتەکە و بەبێ دەستێوەردان بووە، کردنیش ناسروشتییەوە بە دەستێوەردان کراوە. کەواتە ئەم دوو کردەیە زۆر بەبەرهەمن وەکو لەم وشانە دەردەکەوێت:

بەچەمککردن/conceptualization،بەکۆمەڵایەتیبوون/socialization

بەڕێزمانیبون/grammaticalization لەکرکەوتن، لەهێلکەکەوتن، لەپێکەوتن...تاد

لە ڕێزمانیکەوتن/degrammaticalization . بەستانداردکردن، بەستانداردبوون.

ئەوەی گرنگە لە مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەدا ئەوەیە، کە ئەو وشە و زاراوانەی کە خراونەتەروو، بەرهەمی ڕستەن، لە سینتاکسدا داڕێژراون، بەهەمان شێوەی فرێزەکان هەر سیمایەکی ڕێزمانی وەکو(دۆخ، نەرێ، ڕەگەز، ڕێککەوتن و تاف... تاد) یان تێدا بێت، دەبێت لە نواندنەکەیاندا ئاماژەیان بۆ بکرێت بە نۆدێکی سەربەخۆ، پاشان ئەم وشانە بەرهەمی گرێ کۆتاکانن، لە سینتاکسدا لەڕێگەی لێکدانەوە داڕێژراون، ئەمەشە وادەکات بڵێین هیچ پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجی

سەربەخۆمان نییە، بەڵکو پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان دابەشدەبنە سەر چەند هەنگاوێك وەکو لە مۆدێلی تیورەکەدا خستمانەڕوو.( لەبارەی گرێی نەرێکردنەوە کە وەکو وتمان ئەگەر هەبێت دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت بڕوانە: علیرضا سلیمانیمقدم ، شجاع تفكرى رضايى ، عامر قيطورى ( 2021) 20-33) )

## ئەنجامەکان

1. وەکو لە تویژینەوەکەدا خرایەڕوو وشەی ئاڵۆزی کرداریی لە زمانی کوردیدا لەڕێگەی مۆرفۆلۆجی دابەشکەرانەوە شیکاریی بۆ دەکرێت، واتە تیورەکە بە ئاسانیی جێبەجێ دەبێت بەسەر وشەی زمانی کوردیدا.
2. اشیی ئەم تیورە لەوەدایە یەك مۆدێلی ڕێزمان بۆ مۆرفۆلۆجی ی و سینتاکس پێشنیاز دەکات، بەوەی مۆرفۆلۆجی ش بەهەمانشێوەی سینتاکس لەسەر بنەمای کۆمەڵێك کردەی وەکو (لێکدان) و فەرهەنگ و سیما مۆرفۆسینتاکسییەکان کاردەکات، بەمپێیەش بێت هیچ جیاوازییەك لە نێون کردەی مۆرفۆلۆجی ی سینتاکسیدا نییە.
3. وەکو چۆن ڕستە بەرهەمی پرۆژە گەورەکانی وەکو (تاف، ڕێککەوتن و تەواوکەر ...تاد)ە بەهەمان شێوە ڕستەکان خاوەن پرۆژەی کۆتایپشن، کە خۆیان لە فریزە فەرهەنگییەکاندا دەبیننەوە، لەم ئاستەدا لەئەنجامی لێکدانی وشەکانەوە وشەی مۆرفۆلۆجی ی دادەڕێژرێت، ئەو نمونانەی لە تویژینەوەکدا دراون هەموویان بەرهەمی پرۆژەکۆتاکانن.
4. بەپێی ئەم تیورە بێت، وەکو لە نمونەکاندا خستمانەڕوو هیچ وشەیەکی ئاڵۆزی ئامادەکراومان لە فەرهەنگدا نییە، هیچ یاسایەکی دیاریکراوی مۆرفۆلۆجی شمان نییە، وەکو مۆدێلێیکی ڕێزمانیی سەربەخۆ بەرپرس بێت لە دارشتنی وشە، بەڵکو یاسا مۆرفۆلۆجی یەکان دابەش دەبنە سەر چەند ئاستێك وەکو لە مۆدێلی تیوەکەدا خستمانەڕوو، کە ئەو یاسایانە بەرپرسن لە پرۆژە سینتاکسییەکانیش، هەر بۆیە تیورەکە ناوی لێنراوە مۆرۆفۆلۆژیی دابەشکەرانە، ئەگینا تیورەکە مۆرفۆلۆجی ی نیيە بەڵکو سینتاکسییە.
5. لە ئاستی پرۆژە کۆتاکاندا ڕەگ لەگەڵ سیمایەکی ئەبستراکتکی پۆلەڕەگەزدیاریکەر/Categorizer یەکدەگرێت بەشێوەی دوانەیی دواتر دەبنە نۆدێك، پاشان بەشێوەی دووپەلکیی نواندنە درەختییەکە دەچێتە سەرەوە تا کۆتا نۆد، کە تێیدا پێکهاتە و واتای وشەئاڵۆزەکانمان بۆ ڕوندەبێتەوە، ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە ئەگەر سیمای بکەرنادیاریی، نەرێ، پرس، ئەسپێکت، ڕێککەوتن، تاف...تاد لە دارێژراوەکەدا هەبێت، دەبێت وەکو نۆدێك ئاماژەیان بۆ بکرێت.

## سەرچاوەکان


Andrew Spencer) (1997 MORPHOLOGICAL THEORY an Introduction to Word Structure in Generative Grammar 5th edition USA.

Daniel sidiqi (2009), syntax within the word, john Benjamin Company, USA.

David Embick (2020) the motivation for roots in distributed morphology , Annual Review of Linguistics, Department of Linguistics, University of Pennsylvania, Philadelphia, Pennsylvania 19104, USA;

Halle, Morris & Alec Marantz. 1993. 'Distributed Morphology and the Pieces of Inflection.' In The View from Building 20, ed. Kenneth Hale and S. Jay Keyser. MIT Press, Cambridge, 111–176.

Mahya Ahmadi1& Mazdak (2019) what is Distributed Morphology(20-1ص) 1398 2.ش10 پژوهشهای زبانی سا ,

Ora Matushansky and Alec Marantz (2013), Distributed Morphology Today, the MIT Press, Cambridge, Massachusetts, London, England

Roland pfau,) 2009 (grammar as a processor, Jon Benjamin company, USA

Susanna padrosa Taris (2010), complex word- formation and the morphology –syntax interface, pdf dissertation, university of autonomy in Barcelona.

عومەر ئەحمەد عەزیز (2023) تیوری پاساودان لە زمانی کوردیدا (دکۆترا) انکۆی گەرمیان.

Isah Abdullahi Muhammad(2019)، طبقهبندی واژههای مرکب زبان فارسی از منظرنظرية صرف توزیعی ، Macrolinguistics, Vol.7 No.1 (Serial No.10) 2019 pp.45-56

شجاع تفكرى و على رضا سليمانى( 1397) مجهول در زبان فارسی از منظر صرف توزيعى، دوهمانامه علمی- پژوهش(ش1) پیاپی 43 ص161-183

علیرضا سلیمانی مقدم ،شجاع تفكرى رضايى ،عامر قيطورى (2021) مقايسۀ ساخت نحوى و ترتيب خطى مقولهای تصريفى فعل در زبان فارسى از منظر، صرف توزيعى، 22فصلنامۀ مطالعات زبانها و گويشهاى غرب ايران، دورة دهم، شمارة ،1بهار 1021

گلاره نظرى& جلال رحيميان&محرزاد منصوريچكى (1399)، بررسى انضمام در فارسى بر اساس صرف توزيعى، شناسى هاى زبان پژوهش نشريه سال دوازدهم ، شماره دوم، شماره ترتيبى ،32پاييز و زمستان 9211، نوع مقاله: پژوهشى.

مزدك انوشه(1394) فرافكنهاي نمود و زمان در صفتهاي فاعلى مركبر پايۀ نظريۀ صرف توزيعى، د وماهنامۀ جستارهاي زبانيد ، 6ش) 5پياپى ،(26آذر و دي ،1394صص72)

غلام حسين كريمى دوستان&محديه اسحاق( 1398) 216 - ص22 پژوهشهای زبانشناسی، دانشگاه اصفهان، سال یازدهم، شماره دوم، شماره ترتیبی ،12پاییز و زمستان 2931

اهو الوند& زینب محمد ابراهیمی& جهرمی استادیار (1401)، بررسی ساختار نحوی افعال مرکب دوجزئی بر ثاية نظرية صرف توزیعی، مجلة زبانشناسی و طویش خراسان، سال چهاردهم، شمار2، تابستان 1401، شماره پیاپی 27.